# گومانی باوک لەنێوان کۆمەڵگەی کراوە و داخراودا

موحسین محەمەد

ماوەی پەنجا ساڵ دەبێ، تیپە شانۆییەکانی سلێمانی هەوڵ دەدەن ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە، کە لە پێشاندانی شاکارە شانۆییە جیهانییەکاندا هەیە، بەگشتی هەموو ئەو شاکارە شانۆییە جیهانیانەی کە تیپەکانی سلێمانی کاریان تێداکردووە، بەشی هەرە زۆریان ئاستێکی هونەری زۆر بەرزیان هەبووە، لەوانە: مانگی ئاوابوو دەرهێنانی جەلیل زەنگەنە، شالیر و هاملێت دەرهێنانی کامەران ڕەئوف. خاتوو ژۆلیا دەرهێنانی بەکر ڕەشید. ئامانجی سەرەکی لەو پێوەندییە کولتوورییەدا، جگە لە پێشخستنی شانۆی کوردی، چەندان ئامانجی دیکەی بۆ شانۆی ئەکادیمی پیشەیی هونەری هەیە، لەوانە: بەدیارخستنی لایەنە هونەرییەکەیە وەک ئەکتەر، دەرهێنەر، لەسەرووی هەموو ئەمانەش ئەو بیرۆکەیە کە شاکارەکە لەخۆیدا وەک پرسێکی مرۆیی جیهانی هەڵیگرتووە، ئەوەی جێگەی شانازییە لە پرۆسەی گواستنەوەی شانۆیی لە پێناو بەدیهێنانی بینینی هاوبەش، گواستنەوەی شانۆگەرییەکانە بۆ شاری هەولێر کە بێ گومان ڕەهەندێکی دیکە دەبەخشێتە بەرهەمەکان.

شانۆگەریی (باوک) نووسینی (ئۆگۆست ستڕندبێرگ ١٨٤٩ - ١٩١٢) دەرهێنانی (سدیق عەزیز) وەرگێڕانی بەدەسکارییەوە (دلاوەر قەرەداغی) کە لە پرۆگرامەکەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، بەڵام لە پێشاندانەکەدا هەستم بە قرتاندن، یان هەندێ خستنەسەر کرد، دەقەکە بەتەواوی وەک خۆی نمایش نەکراوە، ئەمە کەموکورتی نییە، بەڵام باشتر دەبوو ئاماژەی بۆ بکرابایە، ئەگەر دیکۆری شانۆگەرییەکە بەنموونە وەربگرین، جیاوازییەکی لەگەڵ دەقەکە هەبوو، بەڵام ئاستێکی هونەریی بەرز و گونجاوی هەبوو بۆ کەشی شانۆکە. لە دەقەکەدا شوێن، هۆڵی



**شەماڵی عەبە ڕەش، شادان فوئاد**

پێشوازی، یان ساڵۆنی ماڵێکە بە چەندان کەلوپەل پڕکراوتەوە، لە نمایشەکەدا هەمان شوێنەکەیە بە باکگراوندێکی هونەری، چەندان نامەی ستوونی گەورە لەسەر پەردەیەکی کەوانەیی ڕەش هەبوون کە بەسەر هۆڵەکە و شانۆی نمایش زاڵ بوو، لەناو نامەکاندا جارێک وێنەی باوک و جارێکیش وێنەی منداڵەکە بەدیاردەکەوێ، جارێکیش نامەکان وەک دەقی نووسراو ئاماژە بۆ سەردەمێکی زوو دەکەن، بەدیاردەکەوتن.

وەک تەکنیکی دەرهێنان لە سینۆگرافیەکەدا، دەکرا دەرهێنەر هەندێ وێنەی بێرتا (کچەکە) وەک بابەتی ململانێ لەنێوان باوک و دایکەکە بەدیار بخات، لەبەرئەوەی بەگشتی وێنەی ئەو ململانێیە ڕوون نەبوو، بەپێچەوانەوە لە ڕەوتی چیرۆک و دواندنەکاندا زۆر بەهێز بوو. لەهونەری شانۆدا زمان بەتەنیا بۆ گوزارشتکردن لە بابەتی گومانی باوک لە منداڵەکەی بەس نییە، شانۆگەریی باوک لە بنیادی دەقەکەدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، ڕاستە کێشەکە لەناواخنیدا مرۆییە، بەڵام نمایشکردنی لەنێوان کۆمەڵگەی داخراو و کۆمەڵگەی کراوەدا جیاوازییەکی زۆر لە بنیادی نمایشەکەدا پەیدا دەکات، ئێمە لەکوردستان وەک بینەر، هونەرمەندەکان وەک یاریزان، لە پرسی گومانی باوک لە ڕەسەنایەتی منداڵەکەی، دەبینە بینەری کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا. با بەجۆرێکی دیکە تەماشای ئەو پرسە بکەین، ئێمە ئەگەر بمانەوێ دەقێکی شانۆیی بنووسین باس لە ئەگەری بوونی گومانی باوک لە منداڵەکەی بکەین، بنیادی دەقەکە بەتەواوی گۆڕانکاری بەسەردادێ، زۆر جیاواز دەبێ لە بنیادی هەمان پرس لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا. بەنموونە، ئەگەر ئەو شوێنە وەربگرین کە ژنێک بەهەمان بوێری ژنێکی ڕۆژئاوا گومان دەخاتە کەللەی باوک، دەڵێ: کێ دەڵێ تۆ باوکی منداڵەکەی؟ ئەم پرسیارەی ژنەکە لە مێردەکەی، لە بنیادی دەقی کوردیدا، هەرگیز ناکەوێتە بەشی یەکەم، بەڵکو دەکەوێتە ترۆپکی درامی (ذروة) لێرەدا پێویستی بەوە هەیە، ململانێکە بەرەو کۆتایی و چارەسەر بڕوات کە دۆخی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە:

**یەکەم:** ڕەنگە هەر لەو دیمەنەدا ژنەکە بکوژرێ. ئەگەری ئەوەش هەیە، ژنەکە و منداڵەکە بکوژرێن (لە کولتووری داخراودا باوک کەسێکی دەمارگرژە)

**دووەم:** باوک ئیدی هیچ قسەیەکی نامێنێ، شانۆگەرییەکە بەرەو بێدەنگییەکی تەواو دەڕوا، لە دەرگا دەچێتە دەرەوە، سەری هەڵدەگرێ و دەڕوا ئیدی ناگەڕێتەوە. ئەگەری ئەوەش هەیە خۆی بکوژێ (باوک کەسێکی هۆشیارە، لە ژێر گوشاری کۆمەڵگەدایە).

نمایشی شانۆگەریی باوک پرسی زۆر لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، لەبەرئەوەی منداڵێک هەیە. ئەگەر پرسەکە تەنیا خیانەت بوایە و منداڵ لە کێشەکەدا نەبوایە، گۆڕانکاریی بەسەردادەهات، ئەگەری ئەوە دەبوو، پیاوەکە ژنەکەی تەلاق بدات و گرێیەکە دەکرایەوە، بەنیوە چارەسەری لە کۆمەڵگەی داخراودا کۆتایی دەهات.

ئەم شانۆگەرییە ئەگەرچی باسی چیرۆکی ئەدۆڵف و خێزانەکەی دەکات، بەڵام پرسەکە باوکە وەک گوزارەیەک بۆ هەموو باوکان لە بوونی گرێی دەروونی (گومان لە ڕەسەنایەتی منداڵ)، کەواتە ئێمە لە بنیادی دەق و پێشاندانی شانۆییدا دەکەوینە سەر یارییەک، کۆمەڵێک هونەرمەند لەناو کولتووری ڕۆژئاوا یاری دەکەن، بە ئەگەری پەیدابوونی ئەو گرێیە لە ئاییندەدا، ئەمەش پرسێکی دیکەیە، چونکە ئێستا کەرستەی زانستی زۆر لەبەردەستدا هەنە بۆ یەکلاکردنەوەی ڕەسەنایەتی منداڵ لەنێوان دایک و باوکدا کە بە پشکنینی (دی ئێن ئەی) ناسراوە. ئەو بابەتە ساڵی ١٨٦٩ لەلایەن کیمیاگەر و




سیروان جەمال، خەرمان هیرانی

بایۆلۆژیکی ئەڵمانی (فریدریک مستر) دۆزرایەوە، بەڵام توێژەرانی زانستی تا ساڵی ١٩٥٣ لەو دۆزینەوەیە نەگەیشتن کە ئەمە بابەتی ئێمە نییە، بەڵام گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێ، ئەو پشکنینە دەتوانێ ڕەسەنایەتی منداڵ سەبارەت بە دایک و باوک بەدیاربخات. شانۆگەریی باوک لە ساڵی ١٨٨٧ نووسراوە، واتە ١٨ ساڵ دوای دۆزینەوەکە، هەر بۆیە نووسەر لە بەشی ٣، دیمەنی ٧ لە دواندنی نێوان ژن و مێردەکە ئاماژەیەکی لەو جۆرە دەکات.

– گومانت لەبارەی منداڵەکەوە هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نییە.

– هەر لەبەرئەوەیە ئەگەر بەڵای کەمەوە بنچینەیەک بۆ بەدیارخستنی هەقیقەت هەبوایە، مرۆ دڵی پێ خۆش دەکرد.

لە گەڕانەوەمان بۆ بنیادی دەقەکە، گومانی ئەدۆڵف (باوک) لە ڕەسەنایەتی بێرتا (کچەکەی) دەکەوێتە سێ کاتی جیاواز:

**کاتی یەکەم:** دەکەوێتە بەر لە ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکە کە بە حەڤدە ساڵ، هاوتا لەگەڵ تەمەنی بێرتا، ئاماژەی بۆ کراوە، ئەو ژن و مێردە کە هاوسەرگیرییان کردووە، ئەدۆڵف نەخۆش کەوتووە و ئومێدی چاکبوونەوەی نەبووە، لۆرا (لەورا لە نمایشەکەدا) پارێزەرێکی هێناوەتە ماڵ، ئەدۆڵف گوێی لە دواندنی نێوان ژنەکەی و پارێزەرەکە بووە کە گوتوویەتی: ئەگەر مێردەکەت بمرێ، ئەوە میراتت ناکەوێ، لەبەرئەوەی منداڵتان نییە، پاشان پرسیاری ئەوەی لێ دەکات، داخوا دووگیانە، یان نا، ئەدۆڵف ئەوسا گوێی لە وەڵامی ژنەکەی نەبووە، کە دواجار دەبێتە گرێیەکی دەروونی، ئەدۆڵف چاک دەبێتەوە، دوای ماوەیەک کچەکەیان دەبێ، بێدەنگی لە چیرۆکەکەدا دەبێتە کارەساتێک، حەڤدە ساڵ ناوەوەی ئەدۆڵف دەخوا، بەکاریگەریی ئاستی هۆشیاری باوک، لە بینای دەقەکەدا، لەبەر بەرژەوەندی کچەکە، خۆی دەکاتە قوربانی، درێژە بە بێ دەنگییەکە دەدات تا ململانێیەکە دەگاتە ترۆپکی درامی (ذروة).

**کاتی دووەم:** لە بەشی یەکەمدا دەکەوێتە دوو شوێن.
شوێنی یەکەم: دیمەنی چوار: سەرەتا کە لۆرا (ژنەکە) دێتە ژوورەوە داوا لە ئەدۆڵف (باوک) دەکات خەرجی ماڵەوەی پێ بدات، ئەویش داوای لیستی خەرجییەکان دەکات، لەبەرئەوەی گوزەرانیان باش نییە، بەتایبەتی ئەگەر کار بگاتە تەڵاقدان، ئەمە پێشەکییەکی ناڕاستەوخۆییە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی دواندنەکان دەرگا بەسەر پرسەکە دەکرێتەوە، ئەویش لە گفتوگۆی بابەتی پەروەردەکردنی منداڵەکەیان کە ناکۆکییەکان زۆر گەورەتر بەدیاردەکەون، بەپێی یاسا و ڕای باوک، منداڵ بەخواستی باوک پەروەردە دەکرێ، ئەویش بڕیاری داوە بێرتای کچەکەیان بنێرێ بۆ شار، لۆرا نایەوێ کچەکەی لێ جیاببێتەوە، بەدوو پرسیار مێردەکەی دەهەژێنێ.

– ئەی دایک بۆی نییە قسە لەسەر منداڵەکەی بکات؟

– نەخێر.

– ئەگەر ژنەکە خیانەتی لە پیاوەکە کردبێ؟

باوک هەڵدەچێ، خۆی وا نیشان دەدا کە بڕواناکات، لەهەمان کاتدا دەیەوێ خۆی لە بارودۆخەکە ڕزگاربکات، نایەوێ ئیدی قسە لەسەر هیچ شتێکی دیکە بکات، لێرەدا جۆرێک لەڕەوایەتی هەیە، لەبەرئەوەی هێشتا دەربڕینەکان ناڕاستەوخۆن.

**کاتی سێیەم:** دەکەوێتە دیمەنی نۆیەم لە کۆتایی بەشی یەکەمدا، گرژی دواندنەکانی ژن و مێردەکە لەو دیمەنەدا هەڵدەکشێ، بەڕوانینی بینەری کورد، ئەو دیمەنە ترۆپکی درامییە (ذروة) بەڵام لە بنیادی دەقەکە و نمایشەکە شتێکی دیکەیە، جۆرێک لە ساردبوونەوە باڵی بەسەر دیمەنەکەدا دەکێشێ، ئەو دیمەنە گفتوگۆیەکی توندە لەسەر مافی پەروەردەکردنی منداڵ، کە بەڕای کاپتن (باوک) خۆی بەرپرسیارە و بڕیاری داوە، بێرتای کچەکەیان بنێرێ بۆ شار، لۆرا ژنەکە دوای ئەوەی هەست بە شکست دەکات بەرانبەر بە بڕیاری مێردەکەی، سەرەتا پێی دەڵێ:



**بەشداربووانی شانۆیی «باوک»**

هیچ کەس ناتوانێ بەتەواوی بڵێ، کێ باوکی منداڵەکەیە، پاشان ڕێک پێی دەڵێ: چۆن دەتوانی بڵێی کە من خیانەتم لە تۆ نەکردووە؟ بێرتا منداڵی منە، منداڵی تۆ نییە. هەر لەو ئانوساتەدا داوایان لێ دەکرێ بچنە سەر مێزی نانخواردن.

– نایێ نان بخۆی؟

– نەخێر سپاس هیچ ناخۆم. (کۆتایی دیمەن)

دەرهێنەر و ئەکتەرەکان زۆر بە زیرەکی کۆتایی دیمەنەکەیان وەک چۆن نووسەر ویستوویەتی بەساردی بەرێ بکات، ئەوها بە ساردی و زۆر بەخێرایی کۆتایی هات، ئەم هەڵوێستە بۆ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی داخراو زۆر کۆمێدییە، ژن بە مێردەکەی بڵێ، چۆن دەتوانی بڵێی کە خیانەتی نەکردووە؟! منداڵەکەش هی ئەو نییە! نایێ نان بخۆی! باشە بۆ کەس لە هۆڵەکەدا پێنەکەنی؟! بەپێویستم زانی لەم بابەتەدا ئەم جیاوازییە بەدیاربخەم، لەبەرئەوەی وەک لە وێنەکەدا دەبینن، بەشی هەرە زۆری بینەرانی شانۆگەرییەکە، هونەرمەندان و هونەردۆستانی شانۆ بوون، ئەوان چاک دەیانزانی یارییەکی کولتووری ڕۆژئاوا دەبینن، لە گۆڕەپانێکی کوردی بە ئەکتەری کوردی. لەگەڵ ئەم پێزانینەدا، ئێمەی بینەران و هونەرمەندانی شانۆگەرییەکە، بەتایبەتی هەردوو ئەکتەر (شەماڵی عەبەڕەش) لە ڕۆڵی باوک و (خەرمان هیرانی) لە ڕۆڵی دایک لەناو هۆڵی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر، چۆن دەتوانین وێنای ئەو چرکەساتەی دیمەنەکە بکەین؟! بەشەکانی دوای ئەو دیمەنە چ بەهایەکی لە ئاست ڕوانینی ئێمە بۆ کێشەی ئەو دوو ژن و مێردە دەمێنێ؟

ڕەنگە جیاوازی ئەم شانۆگەرییە لەگەڵ کۆی شاکارەکانی دیکەی جیهانی ئەوەبێ کە پرسی شانۆگەرییەکە بۆخۆی تەواو جیاوازە لەنێوان دوو کولتووری داخراو و کراوەدا، چونکە ترۆپکی درامی و چارەسەری درامی لەنێوان ئەو دوو کولتوورەدا، جیاوازییەکی گەلێک زۆر هەیە، هەر وەک وتمان کاردانەوەکان لە کۆمەڵگەی داخراودا، باوک بەرەو کۆمەڵێک ئەگەری زۆر ترسناک دەبات، بێ گومان ڕەنگە لەناو کۆمەڵگەی داخراویشدا هاوشێوەی کێشەی ئەدۆڵف و لۆرا هەبێ، بەڵام شاردراوە دەبێ و نابێتە کێشەیەکی باو کە ئەدەب و هونەر هەوڵی چارەسەری بۆ بدات، شتە دەگمەن و تاکەکان، هەر بەشاردراوەیی دەمێننەوە، نابنە سونبوڵ بۆ گوزارشتی ئەدەبی، یان هونەریی. ئەوەی کە زۆر گرنگە لە دۆخێکی ئەوهادا، خوڵقاندنی ئەو هەستەی بینەرە بەرانبەر بە کارەکتەرەکە (باوک) بەبینینی من و سڵاوی بینەران لە کۆتاییدا، شەماڵی عەبەڕەش بە ئاستێکی هونەری ئەوەندە بەرز گوزارشتی لە بارودۆخی باوک دەکرد، زۆر دڵم بە ئازارەکانی کارەکتەرەکە دەسووتا، چێژی زۆرم لە نواندنەکەی دەبینی، ئەو ڕۆژە من ئەکتەری ئەکادیمی پیشەیی هونەریم لەسەر شانۆکە دەبینی، خەرمان هیرانی بەپلەی دوو، سیروان پزیشکەکە بە پلەی سێ. زۆریش سەرسام بووم بەو دواندنە جوانانەی دیبە عەلی (بێرتا)، زبانی ئەوەندە پاراو بوو، هەستم دەکرد لەو شوێنەدا تەواو دەقێکی کوردییە. یەکێک لەو دیمەنە جوانانەی کە دەرهێنەر بەپێی بنیادی دەقەکە زۆر جوان گوزارشتی لێ کرد، ئەکتەرەکان لەو دۆخی بێ ئاگاییەی ململانێییەکە زۆر ڕاستگۆ بوون، ئەو شوێنەیەکە دوای ئەوە باوک (شەماڵ) چراکەی گرتۆتە ژنەکەی، کچەکە (دیبە) وەک سەرزەنشت دێتە لای و ئاگاداری دەکاتەوە، بەشی ٣ دیمەنی ٦ (دەقەکە)

– ئەگەر چراکە بەر دایکم کەوتبا؟

– قەیدی چییە؟

– ئەگەر بەم شێوەیە قسە بکەی، تۆ باوکی من نی.

– من باوکی تۆ نیم؟ چۆنت زانی؟ کێ پێی وتی؟ ئەی باوکی تۆ کێیە؟

هەموو پرسیارەکانی باوکەکە لە بنیادی دەقەکەدا نغرۆبوونە لەباری ئاڵۆزی دەروونی، تەواو بێ ئاگایە



**بینەرانی شانۆیی «باوک»**

لەوەی کچەکەی چی دەڵێ. ئەوەی کچەکە کاردانەوەیە لە دژی شەڕەکە نەک بابەتی گومانەکە، بۆیە هەر لەو دیمەنەدا بەگەرمی باوەش بە باوکیدا دەکات، ئەم شوێنەی دەقەکە بەشێکە لەکرۆکی شانۆگەرییەکە (گومانی باوک لە حەڵاڵزادەیی کچەکە) شەماڵ و دییە بە هۆشیاری تەواو یارییان دەکرد، ئەم پرسیارە زۆر گرنگە، ئایا باوک ئەقڵی لەدەست داوە؟ یان دوچاری شڵەژانی دەروونی هاتووە؟ لە دەقەکە و نمایشەکەدا ئەوەی بینیمان باوک تا ئەو ساتەی دەمرێ، تەواو هۆشیارە، ئەوەی کە ناوەوەی تێک شکاندووە، ئەو ململانێیە ناوخۆییەیە کە بەدرێژای حەڤدە ساڵ خووی پێوەگرتبوو، بەڵام ڕووداوەکانی دوایی (بنیادی دەقەکە) کەسایەتییەکەی کوشت، دواندن و خۆدواندنەکانی هەرە کۆتایی نمایش و دەقەکە، تەواو گوزارشت لە هۆشیاری کارەکتەرەکە دەکەن.

– ئۆمفال، ئۆمفال ئەی ئەو ژنە تەڵەکە بازەی کە ئەوینداری ئاشتی و ئەوین و داهێنەری چەک فرێدانت تەفروتونا کرد! ئەی هەرقەل، بێدار بەوە..

ئەم بابەتە لە نمایشەکەدا چڕکرابووەوە، بەشێکی لێ قرتێنرابوو، تەنیا دوو جار گوێم لە وشەی ئۆمفال بوو، ئەمەش وەک جۆرە سووکایەتییەک بۆ ژنەکە بەدیاردەکەوت، ئەگەر دواندنەکە بەم شێوەیە بنیاد بنرایایە، بێ گومان بۆ بینەران ڕوونتر دەبوو. (ئۆمفال، هەی ئۆمفال دەتەوێ وەک هەرقەل چۆکت بۆ دابدەم؟ خوریت بۆ بڕێسم؟)، چونکە بەدەگمەن هەیە بزانێ کە ئۆمفال لە ئەفسانەی یۆنانیدا، ژنە پاشایەک بووە هەرقەلی ئاشقی وا لێ کردووە، چۆک دابدات و خوری بۆ بڕێسێ. ململانێ لە دەقەکەدا جۆرە پێچاوپێچییەکی تێدایە کە ڕیتمی نمایشەکە بۆ بینەری کورد هەندێک قورس دەکات، دەرهێنەر (سدیق عەزیز) درکی بەو تایبەتمەندییەی دەقەکە کردبوو، بۆیە ڕیتمەکەی هەندێک خێراتر کردبوو، هەر لەسەرەتاوە ئەو خێراییە دەبینین، کاپتن لە ژوورەوە تووڕەیە، بانگی نۆید (سەربازە خزمەتکارەکە) دەکات لەبەرئەوەی کچە خزمەتکارەکەی دووگیان کردووە، ئەگەرچی کورسییە بچووکەکانی پەیمانگە، بۆ دانیشتنی بینەر زۆر ناخۆشە، بەڵام ئاستی هونەری و ڕیتمی شانۆگەرییەکە بینەری بەتەواوی کۆتوبەندی نمایشەکە کردبوو.

بەگشتی سینۆگرافیاکە کە کاری هونەرمەند سیروان جەمال بوو، لەهەمان کاتدا ڕۆڵی دوکتۆرەکەی دەبینی، دیزاینەکەی لەگەڵ تەواو پێکهاتەی دیمەنەکان زۆر هارمۆنی بوو، ئەوەی کە نەماندەتوانی لەیەکی جیابکەینەوە، بەشەکانی شانۆگەرییەکە بوو کە لە سێ پەردە پێکدێت، ئەوەی ئێمە هەستمان پێ کرد، شانۆگەرییەکی یەک پەردەیی بوو لەیەک شوێندا، چەندان دیمەنی زنجیرەیی بەدوایەکدا دەهاتن. ئەگەر شانۆکە پەردەی هەبوایە و بەکارنەهاتبا بۆ جیاکردنەوەی سێ پەردەکە، تێبینییەکە شتێکی دیکە دەبوو.

ڕووبەری سینۆگرافیاکە قەبارەی هەندێک لە شوێنی ڕووداوەکان گەورەتر بوو، ئەمەش بۆ هۆڵی پێشاندان دەگەڕێتەوە کە تەختەی شانۆ نەبوو، ئەوان ناچاربوون بەو شێوەیە لەو شوێنە پێشانی بدەن، لەکۆی نواندنەکاندا جۆرە لاسەنگییەک لە نێوان هەردوو کارەکتەری ئەدۆڵف (باوک) کە پیاوێکی سەرو ڕیش تەواو سپی بوو، لەگەڵ دایەنەکە (مارگرێت) کە شێوە و تەمەنی بچووکتر دیاربوو، لەچیرۆکەکەدا ئاماژە بۆ سەردەمی منداڵی باوک دەکرا کە چۆن مارگرێت دەیخەواند و جلوبەرگی لەبەردەکرد، بەو دواندنانە دەبوایە، مارگرێت قژ و ڕوخساری زۆر پیرتر بووایە. هونەرمەند شادان فوئاد هەوڵی دەدا بەجەستە کووڕیەکەی و هەستەکانی گوزارشت لەو جیاوازییە بکات، بەڵام هەر نەدەگەیشتە ئاستی تەمەن و ڕوخساری ئەدۆڵف، لام وایە قژێکی سپی درێژ لەگەڵ چارۆگەکەی و ئینجیلەکەی دەستی دەیتوانی ڕێگە لەو جیاوازییە زەقە بگرێ، جیاوازییەکی دیکە لە بنیادی پێشاندان، هەمان دیمەنی کچەکە و باوکەکەیە: لەبەرئەوەی باوکی چراکەی گرتۆتە دایکی،

پێی دەڵێ کە باوکی ئەو نییە، ئەویش تەواو نغرۆی ناخی خۆی دەبێ، بەڵام دوای ئەوە کەشەکە ساردەبێتەوە، ئیدی بێرتا دەچێتە باوەشی باوکی و دادەنیشن.

– تۆ نابێ وەک خۆت بیت.. من ئینسان خۆرم، دەتخۆم.. دایکت دەیویست من بخوات...

ئەوجا دەمانچەکەی لەبەر پشتی دەردێنێ، ڕووەو سەری کچەکەی دەکات، گوێمان لە چرکەیەک دەبێ، کچەکەی ڕادەکات، مارگرێت دێت.

– تۆ فیشەکەکانت دەرهێناون؟

– بەڵێ، دەمویست ناو ماڵەکە کۆبکەمەوە.

ئەو دیمەنە لە دەقەکەدا بەو زەقییە نییە، باوک ڕووەو کیفی چەکەکان هەنگاو دەنێ و دەمانچەیەک دەردێنێ، بێرتا ڕادەکات، ڕەنگە دەرهێنەر پاساوی ئەوەبێ کە لەهەمان دیمەندا ئەدۆڵف بە مارگرێت دەڵێ:

– بۆ نەتهێشت منداڵەکەم بکوژم؟...

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە ڕەنگە پاساوی ئەوە بێ کە باوک دووچاری شڵەژانی دەروونی هاتووە، ئەو کارەی زۆر ئاساییە، بۆیە هەر لەو دیمەنەدا، مارگرێت هێوری دەکاتەوە و دەیباتەوە بۆ قوناغی منداڵی کە چۆن جلوبەرگی لەبەردەکرد، بەهەمان شێوە کراسی شێتخانەکەی لەبەردەکات کە دوو قۆڵی درێژی هەبوون بۆ بەسترانەوە(تەڵەی ژنەکە و دوکتۆر). باوک وەک کاپتنێکی دۆڕاو لەجەنگێکی درێژخایەندا دەڕووخێ، بەڵام تا ئەو ساتەی گیانی دەردەچێ تەواو هۆشیارە و دەزانێ چی دەڵێ، ئەگەر دیمەنی بەر لەکۆتایی نمایشەکە و دەقەکە وەربگرین، ئەو جیاوازییەی نێوان کەشی گشتی کۆمەڵگەی کراوە و داخراو زۆر بە ڕوونی بەدیار دەخات، کاپتن (باوک) هەموو دڵڕەقی و درۆ و تاوانەکانی ژنەکەی بۆ ڕوون بووەتەوە، نامەکانی دزراون، ڕاست و ڕەوان پێی گوتراوە کە باوکی منداڵەکەی نییە، ئەویش دەبێ ببێتە قوربانی و بڕوا بۆ شێتخانە و خانەنشینییەکەشی دەبێتە موڵکی ژنە ستەمکارەکەی کە لە ژوورەکەی دەرەوەی شانۆ دەرگای لەسەر کلۆم دراوە، لەگەڵ دەنگی شکانی دەرگا و ئەگەری هاتنە ژوورەی ئەدۆڵف (سەر شانۆ) ترسی هەر هەموویان و پێشبینی بینەری کورد، ئاماژەی بۆ ڕوودانی کارەساتێکی گەورە دەکرد، کەچی باوک کە دێتە ژوورەوە باوەشێک کتێبی هەڵگرتووە، بە خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەکی دوو کتێب، دەیەوێ خیانەتی ژنەکەی و گەمژەیی پیاو دەربخات؟! هەر لە درێژەی ئەو دیمەنەدا، باوک دەکەوێتە تەڵەی دایەنەکەی، ئەو کەسەی کە زۆر متمانەی پێ دەکات، کەچی ئەویش خیانەتی لێ دەکات، کراسی شێتخانەکەی لەبەردەکات، دەستەکانی دەبەستێتەوە، هەر بەو شێوەیەش دەڕووخێ، دواجار گیانی دەردەچێ. ئەمانە هەمووی جیاوازی زۆر گەورەن لەنێوان کۆمەڵگەیەکی کراوەو داخراودا، لە پرسی ئەگەری بوونی گومانی باوک لە حەڵاڵزادەیی منداڵەکەی، کەواتە ئەو نمایشەی کە ئێمە بینیمان یارییەکی هونەری زۆر بەرز بوو لەناو کۆمەڵگەی کراوەدا کە بەهرە و لێهاتوویی هونەرمەندی کوردی بەدیاردەخست، بێ گومان ئەم جۆرە هەژموونانە هونەرمەندی کورد ئامادەی دەکات بۆ کارکردن لەناو دەقی کوردی بۆ کۆمەڵگەی داخراو، بەهەمان ئاستی هونەری ڕۆژئاوا، ئەمە لایەنی هەرە باشی شانۆگەریی باوک بوو بۆ بەدیهێنانی بینینی هاوبەش لە گواستنەوەی شانۆبیدا.

**تێبینی:**

١– بۆ بەراوردکردن لەنێوان دەق و نمایش، سوودم لە دەقی وەرگێڕدراوی د. فەرهاد پیربال وەرگرتووە.

٢– بەرهەمەکە بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی شانۆی سلێمانی، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد سلێمانی، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان یۆتۆبۆری، میوانداریەتی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر، ڕۆژی نمایش ٢٧ی نیسانی ٢٠١٩، هۆڵی فەرهاد شەریف، فۆتۆ: سەلام باپیر.